سبەی لە سنوری قەزای چەمچەماڵ نەوت دابەش دەکرێت



یەکەی سوتەمەنی چەمچەماڵ، ئاگاداری هاوڵاتیانی سنورەکە دەکاتەوە کە سبەی پێنجشەممە ١٨/ ١٢/ ٢٠٢٥ لە گەڕەکەکانی ناوەندی قەزای چەمچەماڵ و ناحیەی شەڕش و تەکیە و ئاغجەلەر و سەنگاو نەوت دابەش دەکرێت.

ئاماژەی بەوەشداوە، ئەو هاوڵاتیانەی کارتی زیرەکی نەوتیان نوێکردووتەوە دەتوانن نەوتەکە وەربگرن، هەر هاوڵاتیەکیش تا ئێستا کارتی نەوتی وەرنەگرتووتەوە لە ڕۆژانی داهاتودا پرسەکە بەردەوام دەبێت.

بڕی نەوتەکە ٢٠٠ لیترو بەعەداد(پۆمپ) دابەشدەکرێت و بە 104 هەزار دینار بەهاوڵاتیان دەدرێت.